Awene

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای ئاوێنە
سەرنوسەر: شوان محەمەد
جێگری سەرنوسەر: سەردار محەمەد
بەڕێوەبەری نوسین: یەحیا بەرزنجی

نوێنەری ئاوێنە لەئەوروپا
شوان حەمە نەرویج
٠٠٤٧٩٩٠٠٤٧٢٩
hamashwan.awene@yahoo.no

www.awene.com



ڕیکلام

## کاندیدەکانی حیزبی زەحمەتکێشان





## پەنجەرە

# سەرۆکی هەرێم دەڵێت بودجە شەفافە!

**یەحیا بەرزنجی**

ئەوەندە نییە کە سەرۆکی هەرێم رایگەیاند کە بودجە شەفافەو ناردومانەتەوە پەرلەمان. بێگومان تەنها لە وڵاتێکی داخراوی وەکو کوردستاندا، ئەبێ شەفافی لــە چۆنێتی خەرج کردنی بودجەی خەڵکی کوردســتاندا وەک دەســکەوتو هەنگاوێکی پۆزەتیف ببینین، ئەویش ئەگەر بەجدی شەفاف بێت، ئەگینا ئەمە سەرەتاییترین ئەرکو بەرپرسیارێتیی دەسەڵاتی سیاسییە بەرامبەر هاوڵاتیانی خۆی.

لەوەتەی کورد لەم هەرێمە خاوەنی قەوارەیەکی خۆیەتی، خەڵکی کوردستان بێئاگان لەوەی کە ســەروەتو سامانی ئەم هەرێمە چۆن خەرج دەکریٚو چۆن لــە نێوان پارتیو یەکێتیدا بــەش دەکرێت. کەس نەیزانیوە ئەو لە ١٧٪ یەی لە حکومەتی عێراقییەوە هاتووە، چەندی بۆ خەڵک خەرج کراوەو چەندیشــی پارتیو یەکێتی لوشییان داوە، لەوەتەی هەین بەدوای پرسیارێکەوەین پارتیو یەکێتی چەند پارە لە حکومەت وەردەگرن، یاخود پارتیو یەکێتی چەند پارە بە حکومەت ئەدەن.

ئەو بودجەیەی کە لە حکومەتی عێراقییەوە چەند ساڵێکە هاتووە، بەردەوام پەرلەمانتارەکانی رابردوو بــە هەلهەلەوە بەڕێیان کردووەو هەموو جارێک ئەو بودجەیە بەخشپەیی هاتۆتە پەرلەمانو بە خشپەییش پەرلەمانتارەکانی حیزب بەڕێیان کردووە.

ئەمجارە قەزا بەرەکەتی نەهێنا، گۆزەکەی بودجە شکاو، نهێنییەکانی ناویشی ئاشکرابوو، خەڵکی کوردستانیش بۆ یەکەمجار پاش ئەو مێز کوتانەی لیستی گۆڕان، بۆیان دەرکەوت کە بودجە شــەفافەکەی حکومەتی هەرێم، چەند پڕە لە ناعەدالەتیو بەهەدەردانی سامانی میللەت، لەکاتێکدا خودی سەرۆکی هەرێم بــەردەوام لە وتارەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کــە هەوڵدەدەن ناعەدالەتی نەمێنیٚو کار دەکەن بۆ ئەوەی خزمەتی هاوڵاتیانی هەرێمەکە بکەن.

ئەو مێزکوتانەی لیستی گۆڕان رەنگە بۆ ئەندام پەرلەمانی کورد شتێکی نویٚ بێت، بەڵام لە دنیادا پەرلەمان شــوێنی باوێشکدانو وێنە کێشانو کات بەسەر بردن نییە، شــوێنی کەســی بێئاگا نییە کە هەموو کارەکانی لە چەند جارێک دەســت بەرزکردنەوەدا کورت ببێتەوە بە بێبونی ئیرادەیەک کە بۆچی لەگەڵ ئەو بڕیارەیەو بۆچی دژی ئەو بڕیارەیە. لە دنیادا پەرلەمان شەڕەکورسیشــی تێکەوتــووە، ئەگەر وەها بڕوات تەشــریف هێنانی زێرەڤانی بۆ ناو پەرلەمانی کوردســتان، دەبیٚ چاوەڕوانی شتی تر بکەین لە ناو پەرلەمانەکەی ئێمەشدا. هەرکەس ئەگەر ئەو دیمەنەی ئەو رۆژەی مێزکوتانەکەی پەرلەمانتارە کوردەکانی لیستی ئۆپۆزســیۆنی دیبێت، دەگمەنە خۆشحاڵ نەبوبێت کە کەسانێک هەن بەهــەر پاڵنەرێک بێت، لە پارەیەک دەپرســێتەوەو دەکۆڵێتــەوە کە قووتی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردســتانە. من لەم وتــارەدا ئەمەویٚ ئەوەش وەبیر ئەو ئەنــدام پەرلەمانتارانەی لیســتی یەکێتیو پارتی بهێنمەوە، کە ســوێندییان خواردووە نوێنەری میللەت بن، ئەگەر بەڕاست ئەو پارانەی کە باس دەکرێت، بە پــرۆژەی وەهمیو نۆژەنکردنەوەی بارەگای یەکێتیو پارتیو باس نەکردنی ئەو ٥ ملییار دۆلارەی شــیرینییەکانی نەوت لەو بودجەیەدا، راســتی تێدایە، هــەق وایە ئەوانیش هەمان هەڵوێســتیان وەربگرتایە بە ئەریٚ یاخود نەریٚ، کۆمەڵیٚ ئەندام پەرلەمان وەها دەڵێن! ئەی برادەران ئێوە چی دەڵێن! دەترسم ئێوە وەک رابردوو، چاوەڕوانی دەســتی کاک کەمالو کاک ئەرســەلان بن، کە چی بکەنو تەوجیهاتییان چییە! هیچ شــتیٚ بەهێندی ئەو حاڵەتەش کۆمێدی نەبوو کە ســەرۆکو جێگر بیریان لە دیزە بەدەرخۆنەی مەسەلەکە دەکردەوەو دەیان ویست پێش هاتنی پەرلەمانتارە ئۆپۆزسیۆنەکان بودجەکە وەک جاران بــە هەلهەلەوە بەڕێکەن. چەند تراژیدیایە هێشــتا وابیر بکەیتەوە کە خاوەنی زۆرینەیتو دەتوانی چیت بویٚ بیخەیتە دەنگدانەوە !

ویســتی بەڕێکردنــی بودجەی هەرێمی کوردســتان لەم کاتــەدا چەکێکی بانگەشــەی دوو ســەر بوو، بەڵام کام لایان سودی لێبینی ئەوا سندوقەکانی دەنگدان مەحەکن.


ڕیکلام

# دەنگ دەدەم بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان

## ژمارە ٣٧٢

## بەرنامەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان

## پرسە چارەنووسسازەکان

**لیستی هاوپەیمانیی کوردستان تێدەکۆشێ لەپێناوی:**

**یەکەم:** دوای خاک، کە بریتییە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستووری عێراق و دەبێتە زامن بۆ:

١ – سڕینەوەی یەکجاریی پاشماوەکانی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن و دەرکردن.

٢ – گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکان بەشاری کەرکوکیشەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی ئاشتییانە.

**دووەم:** داوای خاوەندارێتیی سامان، کە بریتییە لە جێبەجێکردنی ماددەکانی (١١١،١١٢،١٤١) ی دەستوور و دەبێتە زامن بۆ:

١ – بەهرەمەندبوونی گەلی کوردستان لە سامانو داهاتە سروشتییەکانی بە نەوتیشەوە.

٢ – بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان و بنەمای ئێستا و داهاتووی خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان.

**ســێیەم:** داوای شەراکەت لە دەسەڵات و ڕێکخســتنی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ، کە بریتییە لە درێژەدان بە سیاسەتی تەوافوق و دەبێتە زامن بۆ:

١ – پێکەوەژیانی ئاشتییانەی سەرجەم پێکهاتە جیاجیاکانی عێراق.

٢ – سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی و دامەزراندنی عێراقی دیموکراسی و فرەیی و فیدراڵ.

٣ – بەهرەمەندبوونی هەموو پێکهاتەکان بە مافەکانی خۆیان

.

## ٣٧٢

## لیستی هاوپەیمانی کوردستان